ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## پەخش کردنی راستەوخۆیی لە ئینتەرنێت

نووسەر: Kameran Sorani
@: Kameran.Sorany@Gmail.Com

پەخش کردنی راستەوخۆیی ڕادیویی یان ڤیدیۆیی لە ئینتەرنێت.
Windows Media Encoder 9 Series.

لە لای ئێمە هەمیشە دەزگای بلاوکردنەوە لە دەستی دەسەلاتداراندایە و بۆیە هەمیشە و زوربەی کات ڕاستی یەکان وونن و یان دواتر پێیان ئەزانین. یاخود زۆرترین ئیمکاناتی ماڵی ئەوێت بو کرد نەوەی دەزگایەکی سەربەخۆ و بێلایەن و بروپێدان و بەردەوام بوونی کە ئەمیش دیسانەوە کارێکی گرانەو لە توانای زوربەماندا نییە. بەلام مایکروسوفت تا ئەو جێیەی کە پەیوەندە بە دەستەبەرکردنی دامودەزگاو ئیمکاناتی گەورە بو پەخش کردنی راستەوخو ئەم ئەرکەشی لە کول کردووینەتەوە. تەنها بوونی بەرنامەی Windows Media Encoder لە ناو کومپیوتەرەکەت بەسە بو ئەوەی کە تو بتوانیت پەخشی راستەوخو بکەیت. بەو هیوایەی کە ئەم کەنالەش ببێتە کەناڵێکی سوودمەند لە بەرەو پێشچوونی زانستی و فەرهەنگی کومەڵگای کوردستان.

ئەوەی لێرەدا ئەیخوێننەوە بریتییە لە چەند هەنگاوێکی خێرا بۆپەخش کردنی راستەوخو لەسەر ئینتەرنێت. بەو هیوایەی ئەو کەسانەی کە ئارەزووی ئەو بوارەیان هەیە و توانایان هەیە بتوانن بەرنامەی بەسوود بۆ هەمووماندەستپێبکەن.

هەنگاوی یەکەم: بریتییە لە دابەزاندن و جێگیرکردنی بەرنامەی Windows Media Encoder لە ناو کومپیوتەرەکەت. لانی کەمی پێویستییەکانی ئەم بەرنامەیە بریتییە لە:

- Windows XP, 2000 of 2003
- MHz processor, zoals een Pentium met MMX 200
- MB RAM 32

بۆ دابەزاندنی ئەم بەرنامەیە کرتە بکە لێرە

هەنگاوی دووەم: پاش جێگیربوونی بەرنامەکە بچۆ سەر کارپێکردنی لە (ستارت)و بەرنامەکە هەلبژێرە. پەنجەرەیەکی بەم چەشنەت بۆ ئەکرێتەوە و Broadcast a Live event هەڵبژێرە.. دوایی کرتە بکە لە OK.




هەنگاوی سێیەم پەنجەرەیەکی لە چەشنەت بۆ ئەکرێتەوە. ئەگەر ئەتەوێ تەنها دەنگ پەخش بکەیت ئەوا Audio هەلبژێرە. ئەگەر ویستت فیدیوی لەگەلدا بێت ئەوا ئەتوانیت Video یش هەلبژێریت. دوایی کرتە بکە لە Next. بەلام تێبینی ئەوە بکە ئەگەر Hardwareت بۆ وەرگرتنی وێنە نییە بۆ ناو کۆمپیوتەرەکەت ئەوا ناتوانیت ئەمەیان هەلبژێریت. کەوا یە تەنها ئەتوانیت پەخشی راستەوخۆی دەنگ بکەیت نەك وێنە.




هەنگاوی چوارەم : پەنجەرەیەکی لە چەشنەت بۆ ئەکرێتەوە . و Pull from the Encoder هەڵبژێرە و دوایی کرتە بکە لە Next.



هەنگاوی پێنجەم : پەنجەرەیەکی لە چەشنەت بۆ ئەکرێتەوە . پۆرتی 7007 یان 8080 هەڵبژێرە . دوایی کرتە بکە لە Next.




هەنگاوی شەشەم :
پەنجەرەیەکی لە چەشنەت بۆ ئەکرێتەوە . لێرەیا خۆت شێوەی پەخش کردنەکەت هەلئەبژێریت . بزانین کامەیان باشترین ئەنجام ئەدات بە دەستەوە ئەوەیان هەلبژێرە . دوایی کرتە بکە لە Next.




هەنگاوی حەوتەم : پەنجەرەیەکی لە چەشنەت بۆ ئەکرێتەوە . ئەگەر پێت باش بوو کو کوپێیەك لەوەی کە پەخشی ئەکەیت لە ئەرشیفدا هەلیان کریت ئەوا خۆت شوێنێك هەلبژێرە تا لەوێدا هەلیان گریت . دوایی کرتە بکە لە Next .




هەنگاوی هەشتەم : پەنجەرەیەکی لە چەشنەت بۆ ئەکرێتەوە . ئەگەر تەنیا لە ڤیدیوکەی خۆتەوە پێشەکی بەرنامەکە ئەخەیتە روو ئەوا یەکەمیان هەلبژێرە . دوایی کرتە بکە لە Next .




هەنگاوی نۆیەم : پەنجەرەیەکی لە چەشنەت بۆ ئەکرێتەوە. زانیاری گشتی لەسەر پەخش کردنەکەت ئەخەیتە روو . دوایی کرتە بکە لە Next.




هەنگاوی دەیەم : : پەنجەرەیەکی لە چەشنەت بۆ ئەکرێتەوە . ئەو زانیاری یانەت پێ ئەبەخشێت کە پێشتر هەلت بژاردوون .
دواتی کرتە بکە لە سەر Next .




هەنگاوی یانزەهەم : پەنجەرەیەکی لە چەشنەت بۆ ئەکرێتەوە .. و ئەتوانیت وێنەکان ببینیت . بۆ پەخش کردنی لە سەر تۆری ئینتەرنێت کرتە بکە لە سەر Start Encoding.




هەنگاوی دوانزەهەم : بۆ بلاوکردنەوە ی ڕاستەوخۆ لەسەر ماڵپەڕەکەت تەنیا ئەو کۆدەی کە لەنێو بەستەرەی خوارەوەدایە لە نێو پەڕەیەکدا دابنێ و پاشان بینێرە سەر ماڵپەڕەکەت.

کۆد

بەو هیوایەی کە بەرنامەکە سوودمەند بێت بۆ کەسانەی کە ئارەزووی بلاوکردنەوەیان هەیە و دەوەری خۆیان بگێرن لە بلاوکردنەوەی گۆرانی و بابەت و دۆکیومێنتی بە نرخ .

Nov 2005 03

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت